

# ئاوایی پڕ ئازار

ئەمین فەقیری
لە فارسییەوە: قادر عەلیخا
(بۆکان)

(۱)

کاتێک دادخودا و کوڕەکەی هاتنە ژوورەوە، دەمەوئێوارە و چرا هەڵکران بوو. خەریکی بووم چرا تۆڕەکەم (لۆکس) هەڵدەکرد. دادخودا دانیشت و کوڕەکەشی لە پەنایەوە دانیشت. زووتر لە کاتی خۆی ناسوسم لە چراتۆڕەکەدا و نەوتەکەی کفاری کرد و هەڵچوو سەرەکەی ئاوری گرت. دادخودا کوتی «هێشتا چاک گەرم دانەهاتووە.»

منیش کوتم: «ڕاست دەکەیت وایە.»، دادخودا دەستی بەرەو ئاورەکە ڕاداشتبوو. کوڕەکەشی چاوەنەرمەکانی لە شوێنێک بڕیبوو. چاوی لەو وێنەیە دەکرد کە تازە کڕیبووم و بە دیوارەکەوە هەڵمواسیبوو. چراکە هەڵبوو گڕەکەی گەشاوە. دادخودا بە دەنگە تایبەتییەکەیەوە لە خۆی نووسا و ددانەکانی لە جیڕەوە برد. «زستانانی ئێرە وشکە سەرماکەی زۆر سەختە. کار لە ئێسقانی مرۆڤ دەکات.»

من وڵامێکم نەدایەوە، مێزەرەکەی سەری داگرت. گوێچکەکانی وەک نەرمە گۆشتی لاتەڕافی گا سوور هەڵگەڕابوون. قژە سەریشی وەک بەرگن لە یەکتری هاڵابوون. دەمزانی هەموو ڕۆژێک لای عەسر دێ.

لەو وەرزی ساڵدا ڕۆژ زۆر تاقەتی مانەوەی نەبوو، زوو ئێوارە دادەهات و شەو دەگەیشتێ. ڕۆژەکان کورت بوون و شەوەکان درێژ. کوڕەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. وریا و چاو و گوێ کراوە بوو.

لـه نێـو خەڵکـی ئاواییـدا ڕێـزی هەبـوو. ئـەو بـۆ مـن دەسـکەوتێکی گرنـگ و بـە بایـەخ بـوو. زۆری پـێ خـۆش بـوو ڕادیۆکـە هەڵکـەم و گـوێ لـە هەواڵـەکان ڕابگـرێ. نـاوی ئـەو وڵاتانـەی دەزانـی کـە شـەڕ و هەڵایـان تێـدا بـوو. زۆر بـە تەنگـی ئـەوەوە بـوو هەتـا بزانێـت قیبـرس لـە کوێدایـە، ڤێتنـام (ڤێتنـام) لـە کـوێ دایـە. ئەمنیـش دەسـتم دەدایـە نەخشـەی جیهـان و ئـەو شـوێنانەم پـێ نیشـان دەدا، پاشـان لێـی دەپرسـیم «ئەمانـە لەبـەر چـی بـەر بوونەتـە گیانـی یەکتـری لەگـەڵ یـەک بـە شـەڕ دێـن؟»

ئەمنیـش وڵامـم دەداوە: بـێ کارن. تیـری لـە دڵـی داون.»

(٢)

منداڵەکـە بێدەنـگ دادەنیشـت. جاروباریـش هەڵدەسـتا و دەچـوو ئـاور و دووی دەهێنـا بـۆ سـۆبەکە. زۆر جـوان و ژیکەڵـە بـوو. هـەر لـەو وێنانـە دەچـوو کـە لـە قوتـووی شـیری ویشـکیان دەدا و لـە پشـت شووشـەی دەوا فرۆشـییەکانەوە دایـان دەنـان بـۆ فرۆشـتن. دادخـودا دەچـووە ماڵـی فکرەوە. دەمکوت: «دەی قسـەم بۆ بکـە. بـۆ بێدەنگـی.» جـوان قسـەی دەکـرد. ڕاوێـژ و دمـودووی شـیرین بـوو. بیرەوەرییەکـی هەبـوو کـە زیاتـر لـە سـەد کەڕەتـی بـۆ گێڕابوومـەوە. هەمـوو جارێـک دەتکـوت یەکەمیـن کەڕەتیەتـی. لـە دڵـی دەرنەدەچـوو دەتکـوت لـە دڵ و هەناویـدا نەخشـی بەسـتووە. پێـم دەکـوت: «لـە بەرچـی ژنێـک ناهێنـی؟» لـە وڵاممـدا دەیکـوت: «هـەر کاتێـک بیـری لـێ دەکەمـەوە ڕوخسـاری لەیـلا دێتـە پێـش چـاوم.»، ئـەو کاتـە دەسـتی دەکـرد بـە گێڕانـەوە: «ئێمـەش وەک تـەواوی ئـەو مرۆڤانـەی کـە لـە دنیـادا دەژیـن زەماوەندمـان کـرد، بـەڵام ئەمـن لەیـلام هـەروا بـە ئاسـانی دەسـت نەکـەوت. بـە زۆری وەچنگـم هێنـا. ئاخـر ئـەو لـەو گوندانـەی دەوروبەریشـەوە خوازبێنـی زۆری هەبـوو، بـەڵام ئەویـش ئەمنـی خـۆش دەویسـت. ئـەوەی ڕۆژێـک لەسـەر کانـی بـە گوێچکەیدا چپاندبووم، ئەمنیـش خۆشـم دەویسـت. هەمـوو کـەس ئـەوەی دەزانـی. لـەم دێیـەدا دوو دانـەم خـۆش دەویسـت. یەکێکیان گا جووتەکـەم بـوو کـە لـە کاردا تایـی نەبـوو. ئـەوی تریشـیان ژنەکـەم لەیـلا بـوو.

هـەر دوو ڕۆژ پـاش زەماوەندەکـەم لەگـەڵ لەیـلا گایەکـەم منـدار (مـردار) بـووەوە. دەتکـوت باڵێـک لـە ژیانیـان لـێ کردمـەوە. هـەزار تمەنـی پووڵـی نەغـد دێنـا. ئاغاکەمـان پیاوێکـی زۆر بەغیـل بـوو، چـاوی پیـس بـوو. لـە کاتـی دروێنەکردنـدا بەشـەکەی مـن زۆر بـوو. گەنمەکانـم بـاری چـوار گوێدرێـژ کـرد و بردمـەوە بـۆ ماڵـێ. ئاغاکـەم لەوانـە بـوو هـەردووک چـاوی بێتـە دەرێ. هێشـتا نەگەیشـتبوومە ماڵـێ، گایەکـەم لـە عەرزکـەوت. هێـور، هێـور سـەرەتا دەسـتەکانی نووشـتانەوە، پاشـان زرم درا بـە عەرزەکـەدا. جەواڵـەکان کەوتبوونـە سـەرزگی، هەرچەنـدە کلکیـم کێشـا، بێسـوود بـوو، پاشـان باوکـم هـات و کوتـی: لێـی مـەدە، منـدار بووەتـەوە. چـاو لـە چاوەکانـی کـە.

بـە لای کەلاکـی گایەکەمـەوە دانیشـتم. چـاوم لـە چـاوە گەورەکانـی بـڕی. منـدار بووبـووەوە. زۆر بـە ئارامـی گیانـی تێـدا نەمابـوو. ئەمـن گیاندانەکەیـم نەدیتبـوو، پاشـان لـە نێـو دێـدا دەنگـۆ داکـەوت کـە لەیـلا پـێ و قەدەمـی چـاک نەبـووە، بـەڵام ئەمـن دەمزانـی و خـوداش بـۆ خـۆی دەیزانـی کـە لەیـلا خـراپ نییـە. هەمـوو ئاکارێکـی چـاک بـوو. لـە پـاش ئـەوە ئیـدی کار داریـی ئاغـام نەکـرد. دەمویسـت بـار بکـەم و بچمـە شـار. جسـتان کار بکـەم، پاشـان بەهـار بێمـەوە گوندەکەمـان

و بەهارەکێلو شتیوا داچێنم، بەڵام لەیلا ڕازی نەبوو، دەیکوت: «بەو زستانە ساردە چۆن دڵت دێڵێ و ڕازی دەبی بە تەنیا لێرە بە جێم بێڵی؟» دایمەی خودا دەیکوت: «دەترسێم.»، هەموو شەوێک هەروای دەکوت. کاتێک دەستم بە سەر زوڵفەکانیدا دەهێنا هەروای دەکوت. کاتێک چاوم لە چاوەکانی دەبڕی، هەروای دەکوت. نەمدەزانی لە چی دەترسێ. زۆر ترسەنۆک بوو، بەڵام نەیدەکوت لە چی دەترسێت. کاتێک بە چپە سرتاندی بە گوێچکەمدا و هەواڵی دووگیانییەکەی پێ دام وەک گوڵ گەشامەوە، کەچی ئەو دای لە پرمەی گریان و کوتی: «دەترسێم.»

ئەو کاتە زانیم کە لە منداڵ دەترسێ. جاروبار زوڵفەکانی دەدا بە سەر و ڕوومدا و دەیکوت: «ئێمە زۆر چارە ڕەشین. دەڵێن من بوومەتە هۆی ئەوەی گایەکەی تۆ منداربێتەوە. پێ و قەدەمی من خراپ بووە. خانم وای پێ کوتم. ئەتۆش پێت وایە؟ ئەمن ئەتۆم بەدبەخت کردووە؟ من پێم دەکوت: «نا لەیلا مرۆڤ هەر کاتێک شتێکی دەست دەکەوێ، دەبێ شتێکیشی لە دەست بچێت.»

(٣)

شەش حەوت مانگێکی پێ چوو، گەنمە بەهارە کێڵەکەمان چاند و هێرەڵماسیشمان چەقاند. لەیلا هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە کاری لەگەڵ دەکردم. هێڕەڵماسییەکانی قاش دەکرد و دەیچەقاندن. شەوانە ماندوو و هیلاک بوو. دەستم لە هەر جێگایەکی دەدا هاواری لێ هەڵدەستا. زگی تەواو لە چاوی دەدا. زۆر هەستا بوو. لە نێوە ڕاستی هاویندا شەوێک ژان گرتی. چووم بە شوێن دایک و خوشکی و لەگەڵ دوو ژنی دیکە بانگم کردنە نێو تاوڵەکەمانەوە هەتا چاویان بە سەریەوە بێ. بۆ خۆم لە دەرەوەی تاوڵەکەدا دانیشتم. سەگەکەشم لە پەنامەوە کزکەی کردبوو. کاتێک لەیلا دەیناڵاند ئەو گوێچکەکانی قوت دەکردنەوە. ئەمن دڵم دادەکەوت. فەقیرە زۆری ئازار دەکێشا. هەتا ئەو کاتە کەسم نەدیبوو ئاوا بە دەم ئازارەوە بناڵێنێ. ئەوکاتەی لەیلا بەسەر منداڵەوە چوو، مانگ هاتبووە نێو تاوڵەکەوە. خۆی ڕۆیشتبوو منداڵەکەی بەجێ هێشتبوو. ژنەکان دایان لە گابۆر و دەستیان بە خۆڕنین کرد. هەڵاتم و چوومە سەر کێوی محەممەد حەنیفە بۆ لای مەڕەکە. شوانەکان کوتیان: دادخودا چۆن بوو هاتی؟ ژنەکەت خەریکە منداڵی دەبێ؟ ئیتر خۆم پی ڕانەگیراو دەستم بە گریان کرد. ئەوان ترس دایگرتن. کوتم: «لەیلا بەسەر منداڵەکەیەوە چوو.»، شوانەکانیش دەستیان بە گریان کرد. یەکێکیان برای من بوو، ئەوی تریشیان برای لەیلا بوو.

(٤)

دادخودا بێ دەنگ بوو، ئیتر باسی ژنەکەی نەدەکرد. چاییەکەمان دەمی هێنا بوو. چاییەکی بۆ من تێ کرد. بۆ خۆشی خواردی. کوتم «بۆ کوڕەکە شت تێ کە.» بۆ ئەویشی تێ کرد. غەم لە نێو دیوەکەدا فڕکەی باڵی دەهات. هاڵاوی گەرمی کوورەکە کاری لە ئێسقان دەکرد. دادخودا چاوی بڕیبووە منداڵەکەی. لەپڕ هەڵیدایە و کوتی: «دەتوانێ فێری خوێندن بێت؟» کوتم: «دەتوانێ بۆچی ناتوانێ، بەڵام تەمەنی کەمە، هێشتا ساڵێکی ماوە.» کوتی: «پێنچ ساڵ و نیوە.»

پاشان ڕووی کردە کوڕەکەی و کوتی: «ئیتر

لەمە بەولاوە لە ماڵێ هەر مەڵێ، مامۆستا ئەوەنییە دەڵێ کاتی نەهاتووە.»

منداڵەکە سەری هەڵ هێناو چاوە پڕ لە داواکارییەکانی بڕییە چاوم. نەمتوانی خۆم ڕاگرم و کوتم: «زۆر چاکە. بەیانی بێت و هەر ئاوا لە پۆلەکەدا دانیشێت، بەڵام دادخودا بەڵێنی ئەوەت نادەمێ کە شەهادەی بدەمێ. دەرچوونیش نییە، پاشان لەیلام کەوتەوە بیر. ئەوەم لە چاوەکانی منداڵەکەدا دیت کە بە سەر زگەکەیەوە چووبوو.» بۆ بەیانی لەگەڵ منداڵەکاندا هات. کورسی بەتاڵمان نەبوو. پونیەکی بەتاڵم پەیدا کرد و بۆم داناو لە سەری دانیشت! قەڵەمێک و دەفتەرێکم دایە دەستی. زۆر گەشاوە و چاوەکانی پڕ بوون لە مەلی شادی و بەختەوەری. دادخودا شەوانە دەهات. منداڵەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. دەفتەر و قەڵەمەکەی لە پارچەیەک (قوماشێک) دەپێچا و دەهات. لە پاش پێنج- شەش ڕۆژ بە هەزار حاڵە حاڵ دەینووسی، «بابە.»، پاشان «دایە»ش فێر بوو. دادخودا دەیکوت: «هەتا ئێستا چوار- پێنج کەرەتی لێ پرسیوم: «دایە کێیە؟ ئەمنیش پێم کوتووە، لە مامۆستاکەت بپرسە، هەتا ئێستا لێی نەپرسیوم.». خەمێکی قورس دەنیشێتە سەر ڕوخساری دادخودا و منداڵەکەش بە قەڵەمێکەوە خافڵابوو.

(٦)

بەرەبەیانییەکی ڕۆژی پێنجشەممە بوو، ماشێنی ئیدارەی بەربەرەکانی لەگەڵ مالاریا کە حەوتوویەک لەمەوبەر هاتبوو بۆ ئەوێ و دەیویست بڕواتەوە بۆ شار. دوو- سێ مانگ دەبوو. نەچووبوومەوە شاری. ماشێنەکە دەیەویست بەڕێ کەوێت. کارمەندەکانی خەڵکی نێو شار بوون و زۆریان پێ خۆش بوو ئەمنیش لەگەڵیان بچمەوە، ئەمنیش لە دڵەوە پێم خۆش بوو سەرێک لە شار هەڵێنم و لەوێ حەمامێک ... سینەمایەک بچم و تۆزێک لەش و ڕۆحم ببووژێنمەوە. هەلەکەم بە لەبار زانی، لەکاتی بەڕێ کەوتندا دیتم یەکێک بە دوومانەوەیە و بە هەڵەداوان دەهات و منداڵێکی چکۆلەش بە شوێنیدا هەڵدەهات. ناسیمەوە. دادخودا بوو. بە شۆفیرەکەم کوت تۆزێک سەبرکات. دادخودا بە هەناسەبڕکێ گەیشتە لامان. هالاوی دەمی بە ڕوومدا دەدرا، پاشان «مامۆستا» ئاماژەی بۆ منداڵەکەی کرد.

«جانتایەکی چکۆلە بە ئەندازەی خۆی.»

کوتم: «جا ئەوە چییە بە چاوان.»

منداڵەکە لە خۆشیان وەک گوڵ گەشاوە.

(٧)

بەیانی ڕۆژی شەممە کاتژمێر نۆ و دە و ئەوانە دەبوو کە گەیشتمەوە. قوتابخانەکە چۆڵوهۆڵ بوو، کەسی تێدا نەبوو. پێم سەیر بوو. هەتاو خەریک بوو گیانی وەبەر دەهات. چاوێکم بە نێو گوندەکەدا گێڕا. لەو پەڕی ئاواییەوە لە داوێنی تەپکەیەکەوە کۆمەڵێک خەڵک کۆبووبونەوە. ئەو شوێنە گۆڕستانی گوندەکەی لێ بوو. لە خوار ئەو شوێنەوە چۆمێکی لێ بوو. لە دەوروبەری ئەو شوێنە تاقە بەردێک بۆ کێل دەست نەدەکەوت. کێلیان هەر بە قوڕ بۆ قەبرەکان ساز دەکرد، پاش ماوەیەک باران دەیتلیساندەوە. وەک ئەوە وا بۆ کەس نەمردبێ و قەبرێکیشی لێ نەبێ. کەس قەبری کەسوکاری خۆی نەدەناسییەوە. ئەوانەی دەست ڕۆیشتووبوون لە شار کێلیان بۆ قەبری کەسەکانی خۆیان ساز دەکرێ، کە لێیان نیزیک بوومەوە، دادخودا بە پرتاو هەڵات هات بۆ لام. لە جاران پیر تری لە چاو دەدا. دەتکوت

گۆڕپیویانە. چاوەکانی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا. جۆرێکی تایبەت دەیانڕوانی. وەک تیر لە پێست و گۆشت و ئێسقان سەریان دەکرد و دەنیشتە سەر دڵی مرۆڤ.

کوتی: «مامۆستا.منداڵەکەم لە دەست چوو.»

هاوارێک لە مێشکمەوە هەستا. چۆکم نووشتاوە. نەمتوانی هەنگاو هەڵێنمەوە. هەر لەو شوێنە دانیشتم. دادخودا وەک پەڵەی بارانی هەڵی دەوەراند. ڕۆیشت و لە لێواری ڕووبارەکە لەسەر بەردێک دانیشت. سەر لووتکەی کێوەکان هێشتا بەفریان پێوە مابوو. وەک ئاوێنە دەبریسکانەوە، ڕووبارەکە ئارام و لە سەرەخۆ خەرامان خەرامان دەڕۆیشت. خەڵکەکە هاتن و دەوریان دام. قەبرێکی چکۆلەیان تازە داپۆشیبوو. منداڵەکان بەنێو قەبرەکاندا دەهاتن و دەچوون. نەیاندەزانی چی بکەن، بگرین، یان پێ بکەنن. پێم کوتن بڕۆنەوە بۆ ماڵێ. ڕووم لە دیدار قولی کرد و پرسیم: «ئەوە دادخودا دەڵێ چی؟» من ناتوانم باوەڕ بەو قسەیە بکەم. ئاخر چ بووە؟

دیدار قولی کوتی: شەوی هەینی دووشاخە لە ملی هات. هەتا بەیانی خنکاندی. ئەگەر تۆ لە ماڵێ بوایەیت. دەتبرد بۆ بنکەی تەندروستی، ئیتر من هیچم نەکوت. دەتکوت منداڵەکە لە نێو ڕۆحی مندا ون بووە. گەڕامەوە نێو ژوورەکەم. ئەو جانتا چکۆلەیەی کە کڕیبووم، لەسەر تاقچەکە دامنا و چاوەکانم تێبڕی.

(٨)

ئێوارە خەریک بوو بەسەر دەچوو. دادخودا نەهاتبوو. بۆ شەوەکەشی هەر نەهات. دڵم بۆی دەسووتا. لەیلا و منداڵەکەیم کەوتەوە بیر. ئێستاش هەر پێم وا بوو کە دادخودا دێت و منداڵەکەشی بە دواوەیە. چرا تۆڕەکەم هەڵگرت. کۆتەکەم دا بە سەر شانمدا و چووم بۆ ماڵەکەی دادخودا، قرچە پێ لەبەرم هەستا. ژوورەکەی پڕ بوو لە ژن و پیاو. هەموویان خەمیان لە ڕوخساردا دەباری. چوار- پێنج دۆشەکچەیان بۆ ڕاخستم. دانیشتم. ئەو قسانەی دەمویست بیانکەم لەناخی گەروومدا گیریان کردبوو. فرمێسک لەچاوەکانمدا قەتیس مابوون، بەڵام بە هەر دژوارییەک بێ، درێژەم بەقسەکانم دەدا، دڵم دەدانەوە. ئاخر ئەوان ئەو چاوەڕوانییەیان لە مامۆستاکەیان هەبوو. دوو- سێ کەڕەت لەسەر یەک کۆخیم و بەرگەرووم خاوێن کردەوە، کە خەم گرتبووی. لە ڕووم هەڵنەدەهات، هەموو چاوەکانیان تێ بڕیبووم. کەوتمەوە بیری ئەو تازییەباری و چەمەریانەی کە لەبابەت ڕۆژی ئاشوورا و ئیمام حسەینەوە دەکرا. عەلی ئەسغەر چۆن تیر لە گەرووی کەوتبوو. چاوەکانیان خەریک بوو ئەسرین دەیزەلاندن. هەستیان بە هێوربوونەوە و ئارامی دەکرد. دێوە فرمێسکەکان خەریک بوو کایەیان بە مژۆڵەکانم دەکرد. حەزم دەکرد لە پرمەی گریان بدەم و یەک بە خۆم لەبانگ و سەلا دەم. کە چاوم بە چاوەکانی دادخودا کەوت، ئیتر خۆم پێڕانەگیرا و هەموومان دامان لە پرمەی گریان و ژوورەکەمان پڕ کرد لە هاوار و هەنیسک و فرمێسک.


**سەرچاوە:**

**کتێبی: چهل داستان کوتاه ایرانی، بەکوشش: د. حسن زولفقاری، پخش نیما، تاران، ١٣٨٧.**